# ڕاپەڕینی ساڵح بەگی خۆشناو (١) لە شۆڕشی بیستی نیشتمانی ڕزگاریخواز لە گوندی «خۆران»(٢) ی بناری سەفیندا

**نووسینی: هاشم خۆرانی**
**وەرگێڕان و پەراوێز بۆکردنی: عەبدولسەتار خدر**

ئەو کاتەی کە «کاپتن های» حاکمی سیاسی هەولێر بوو لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ - ١٩٢٠)، لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانی، چەند سەردانێکی مەیدانی بەرفراوانی بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجام داوە، وەک: دزەییاتی(٣)، خۆشناوەتی، هەریر، ڕواندز، کۆیە، ڕانیە... تاد. لە میانەی ئەو سەردانانەیدا چاوی بە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرۆک هۆز و پیاوماقووڵانی ئەو دەڤەرانە کەوتووە، ئەمەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی لایەنگیری و پشتگیری کردن لە دەسەڵاتی ئینگلیزی فەرمانڕەوا و دەستنیشانکردن و دامەزراندنی هەندێک نوێنەر لە نێو خێڵەکان و پابەندکردنیان بە ئینگلیزەوە، ئەمە و سەرەڕای کردەی خەملاندنی هەندێ لەو بەروبوومە کشتوکاڵییانەی کە باج دەیگرتنەوە.

«کاپتن های» لە درێژەی سەردانەکەیدا بۆ ناوچەی خۆشناوەتی دەڵێت: (دوای نیوەڕۆ گەیشتمە سەر لووتکەی چیای سەفین کە بەرزییەکەی (٦٥٠٠)(٤) پێیە لە ڕووی دەریاوە و سەردانی(٥) گوندەکەی - ساڵح بەگ -(٦) م کرد کە بە «خۆران» ناودەبرێت، لەو گەشتەدا سێ پیاوی قادر بەگ(٧) یاوەرم بوون، کاتێ گەیشتینە «خۆران» تاریکایی خەریک بوو هەموو دنیای دادەپۆشی، خانە خوێیەکەم دەستی گرتم و بۆ جێگایەکی بردم، وەک بانیژەیەک وابوو، لەسەر کۆڵەگەداری ئەستوور ڕاگیربوو، دوو شەوان لە «خۆران» مامەوە(٨).

لەمیانەی سەردانەکانی «کاپتن های» بۆ ناوچەی خۆشناوەتی، «ساڵح بەگی خۆشناو»(٩) بە فەرمی بە سەرۆک خێڵی «میر یووسفی» دانرا، کە یەکێکە لە سێ لقەکەی هۆزی خۆشناو(١٠). ساڵح بەگ کەسێکی دیار و ناسراو بوو لەنێو هۆزی خۆشناو و ناوچەکە و نێوەندە



**لە ڕاستەوە: نەناسراو، ئەحمەد عوسمانی هەولێری، مستەفا ئاغای حەمەدەمین ئاغای عەولا ئاغای کۆڕێ، کاپتن های (حاکمی سیاسی ئینگلیز لە هەولێر)، ساڵح بەگی خۆرانی، میرانی قادر بەگ، ڕەشید بەگی برای، ڕاوەستاوی پشت قادر بەگ: ئەحمەد مەدحەتی برای قادر بەگ.**
**وێنەکە لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٠ گیراوە**

کوردییە جۆراوجۆرەکاندا و پێوەندییەکی دۆستانەی باشی لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەبوو، لە نموونەی سەرۆک هۆز و کەسایەتییەکانی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان. کاتێک «کەریمی فەتتاح بەگ» - کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید - لەگەڵ سەدان شۆڕشگێڕ لە سلێمانییەوە بەرەو ڕواندز دەچوون، سەردانی گوندەکەی «ساڵح بەگی خۆشناو»یان کرد، ساڵح بەگ زۆر بە گەرمی و ڕێزدارییەوە پێشوازی لێ کردن. جێگەی داخە کاتێک ئەو لەشکرە ناوچەی خۆشناوەتییان جێهێشت و گەیشتنە دەشتی هەریرێ، فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆردومانیان کردن و چەند کەسێکیان شەهید و بریندار بوون.

لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی بیستی ڕزگاریخواز لە حوزەیرانی (١٩٢٠) کە لە ڕومێسەی باشووری ئێراق دەستی پێ کرد، ڕەوشەکە لە ئێراق بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات و بڵێسەی ئاگری شۆڕش بەخێرایی بە ناوچە جیاجیاکاندا بڵاوبووەوە و پرووشکی گەیشتە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیش، دیارە هۆکاری ئایینی و نەتەوەیی لە هۆکارە نێوخۆییە هەرە دیار و یارمەتیدەرەکان بوون، بۆ ئەوەی گڵپەی ئەو ئاگرە هەموو دەڤەرەکان بگرێتەوە و زەمینەخۆشکەر بێت بۆ هەلومەرجی بابەتی و پێکهێنانی هاوپەیمانی چینایەتی کە جووتیار و دەرەبەگ و فەرمانبەر و زانایانی ئایینی لەخۆ بگرێت.

لەنێو کەسایەتییەکانیش لە کوردستان «ساڵح بەگی خۆشناو» بەشداری ئەو شۆڕشەی کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە و ڕاپەڕینێکی چەکداری ڕاگەیاندووە، لەپاڵ بەرەی شۆڕشگێڕاندا بەرووی داگیرکاریی بەریتانیادا وەستاوەتەوە و گوندی «خۆران»و چیای سەفین بوون بە قەڵای بەرەنگاری و بەرهەڵستکاری. ساڵح بەگ داوای لە خەڵکی ئاوایی و هۆزەکەی کرد کە باج و سەرانە «لە نموونەی ڕەزانە و بزنانە» بەکاربەدەستانی ئینگلیز نەدەن، هەروەها داوای لێ کردن چەک هەڵگرن و ڕووبەڕووی ئەو ئینگلیزە خوانناسە داگیرکەرانە بوەستنەوە، هەروەها هانیدان بۆ لێدان و دەستوەشاندن لەلایەنگرانی ئینگلیز، ئەگەر کارەکە پێویست بکات، ئەمەش لە پێناوی بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیکاران و هێنانەدی ویست و سەرکەوتنی شۆڕش.

لەو سەروبەندەدا لەنێو شاری هەولێر پشێوی و شڵەژاوی لە دژی هێزەکانی ئینگلیز دەستی پێ کرد، بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕا، لە سەرەتای مانگی ئابدا، هەوڵێک بۆ کوشتنی «کاپتن های»ی حاکمی سیاسی ئینگلیز درا، هەوڵێکی دیکەش بۆ سووتاندنیماڵەکەی درا، کە دواتر ناچار بوو جێی بهێڵێت و لە لەشکرگە نیشتەجێ بێت، لە دووی ئابیشدا، کۆمەڵێک لە دانیشتوانی دەڤەری ڕواندزێ لەناکاو هێرشیان کردە سەر «کاپتن های» کە خۆی و هاوژینەکەی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە مردن ڕزگاریان بوو(١١).

لەلایەکی دیکەوە لە ڕاگەیەنراوی فەرمییاندا، کە لە ڕۆژی (١٥)ی ئەیلوول دەرچووە، تێیدا هاتووە، لەو ساتەوەی کە سەربازەکانمان گەیشتوونەتە هەولێر، هێمنی بۆ شارەکە گەڕاوەتەوە، ئەو هۆزانەی کە لە چیاکانیشدان تا ئێستا ناجێگیرن، لە کۆیسنجەق، بارگرژی هەیە و بەر لەوەش شۆڕشگێڕەکان هێڵی تەلگرافی نێوان هەولێر و کۆیسنجەقیان پچڕاندبوو، کە ئینگلیزەکان تا سەرەتاکانی تشرینی یەکەمی (١٩٢٠) نەیانتوانی ئەو هۆزانە بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان، ئیدی بارگرژییەکان هەر بەم شێوەیە لە ناوچەی خۆشناوەتیدا بە درێژایی مانگی ئاب و سەرەتای ئەیلوول بەردەوامییان هەبوو(١٢).

لە ئاکامی ئەو بارودۆخە مەترسیدارەدا «کاپتن های» فەرمانی دا بە ناردنی هێزێکی سەربازی بۆ ناوچەی

خۆشناوەتی، کە فڕۆکەی جەنگی پاڵپشتی ئەو هێزەی دەکرد بۆ بۆردومانکردنی گوندی خۆران و لەنێوبردنی شۆڕشگێڕان و ئەو ڕاپەڕینەی کە ساڵح بەگی خۆشناو بەرپای کردبوو. هێزی ناوبراو گەیشتە دەشتی گۆمەسپان، نزیک ڕێگای هەولێر - کۆیسنجەق و هەوڵی دا دەست بەسەر دەربەندی گۆمەسپاندا بگرێت بۆ گەیشتن بە گوندی خۆران، بەڵام شۆڕشگێڕەکان لەسەر چیای سارتکە و چیای دەربەند کە بەسەر دەربەندەکەدا دەڕوانێت، لە سەنگەری بەرگریدا بوون، بەوپەڕی ئازاییەوە توانییان هێزەکانی ئینگلیز ببەزێنن و ڕاوەدوویان بنێن و زیانی کارەساتباریان پێ بگەیەنن و بۆ دەشتی گۆمەسپان پاشەکشێیان پێ بکەن، دوای ئەوە هێزەکانی ئینگلیز، بۆ ماوەیەک لەناوچەکە مانەوە و هێرشە ئاسمانییەکانیش بۆ سەر گوندی خۆران و سەنگەری شۆڕشگێڕان بەردەوامییان هەبوو، سەرەڕای ئەوانەش شۆڕشگێڕان توانییان لە هەڵمەتبردنی پاڵەوانانە بە شەو و بەڕۆژ بۆ سەر مۆڵگەکانی دوژمن بەردەوام بن، لە یەکێک لەوان شەواندا(١٣) هێرشیان کردە سەر هێزی داگیرکەر و زیانی زۆریان پێ گەیاندن و دەستیان بەسەر چەند پارچە چەکێک و تۆپێکی جەنگیدا گرت، بەڵام لە گەڕانەوەدا تۆپەکەیان لە ڕووباری دەربەندی گۆمەسپان بەجێهێشت، بەهۆی ناهەمواری ڕێگا و سەختی گواستنەوەی.

دانیشتوانی گوندی خۆرانیش لەبەر مەترسی بۆردومانکردنیان لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بە ڕۆژ دەچوونە نێو چیا و حەشارگەکان، شەوانەش دەگەڕانەوە نێو گوند، ئەو ساڵەش لەلای دانیشتوانی ناوچەکە بە «ساڵی تەیاران» ناونراوە، بەهۆی هێرشی چڕوپڕی فڕۆکەکان و دڕندەیی فڕۆکەوانەکانیان. لەمیانەی ئەو هێرشە ئاسمانیانەدا ژنێک و چەند منداڵێک شەهید بوون و چەند خانوویەکیش خاپوورکران و چەندان کێڵگە و ڕەز و باخیش وێران بوون و زیانی زۆریش بە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی گوندەکە گەیشت، کە بە «کانی قەسرێ» ناسراوە. لەو سەروبەندەدا شۆڕشگێڕان توانییان بە چەکە سادەکانیان، فڕۆکەیەکی جەنگی دوای پێکانی یەکێک لە باڵەکانی بە گوللەی تفەنگەکانیان بخەنە خوارەوە و لە دەشتی گۆمەسپان ناچار بە نیشتنەوەی بکەن، دواتر ئینگلیزەکان باڵە پێکراوەکەیان بەهۆی پێستەی گاجووتەوە چاک کردەوە و جارێکی تر فڕۆکەکە توانی بفڕێتەوە، وەک زانراویشە، ئینگلیزەکان لە ماڵی جووتیارێک بە ناوی «سۆفی باوەکر»ی خەڵکی گوندی دەربەند گاجووتێکیان بۆ ئەو مەبەستە هێناوە.

پاشان ئینگلیزەکان درکیان بەوە کرد کە ئەو پەلامار و شەڕە پچڕپچڕانە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و کاتێکی زۆر دەخایێنێت و دواتر ڕووبەڕووی زستانێکی سەخت دەبنەوە، لەو ناوچە شاخاوییەدا، بۆیە هێزی داگیرکەر هەستی بەوە کرد، کە دەست بەسەرداگرتنی گوندەکە و لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە کارێکی ئاسان نییە و شۆڕشگێڕەکان لەسەر خۆڕاگری بەردەوامن. ڕاستییەکەیشی ئینگلیزەکان لە هەڵکەوتەی مەیدانی جەنگدا لێکدانەوەکانیان هەڵە بوو، بۆیە پەنایان بردە بەر لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تر، لەپێناو ڕووسپیکردنەوە و ڕزگاربوونیان لەو تەنگژەیەی تێی کەوتبوون، هەر بۆیە سیاسەتی «پەرتکە و زاڵبە» باشترین هۆکار بوو بۆ سەرخستنی نیازە گڵاوەکانیان، کە هەوڵیان بۆ دەدا، هەر بۆیە هێزێکیان لەلایەنگر و کەسانی دڵسۆز بۆ ئینگلیز دروست کرد و پڕ چەکیان کردن و هەموو جۆرە بەڵێنێکیان پێ دان و بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە ئەوپەڕی پشتگیرییان کردن.

هێزی ناوبراو لە باکوور و خۆرئاواوە هێرشی کردە سەر گوندی خۆران، شەڕێکی نابەرانبەر لە نێوان هەردوو لایەندا زۆر بە توندی و گەرموگوڕییەوە دەستی پێ کرد، شۆڕشگێڕان بەرەنگاریان بوونەوە و ئازایانە بەرگرییان لە شکۆ و لە منداڵە بێ تاوانەکانیان کرد و ژمارەیەک قوربانییان لە شەهید و بریندار هەبوو، هەروەک لایەنی بەرانبەریش کوژراو و برینداری هەبوو.

لەم شەڕەدا «ئەکرەم بەگ» (١٤) کە یەکێک بوو لە سەرکردە شۆڕشگێڕەکان لەسەر لووتکەی «بەردی بەکون» لە چیای سەفین شەهید کرا، دوای ئەو ڕووداوە، ئەو لووتکەیە بەناوی ئەوەوە ناوزەدکرا، هەروەها شۆڕشگێڕانی وەک: «مەولوودی حەمەدەشینی» و «دەروێش برایم» شەهید کران، شەهید بوونی ئەو شۆڕشگێڕانەش کاریگەریی نەرێنی بەسەر ورەی شۆڕشگێڕانەوە هەبوو، هەروەها نەگەیشتنی پێداویستی جەنگی بۆ شۆڕشگێڕان، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی لە مەیدانی جەنگ بکشێنەوە و لە بەرەنگاریدا بەردەوام

نەبن، ئەمـــەش دوای ئەوەی کـــە شـــۆڕشگێـــڕان، ئەو ئابلـۆقـەیەیان تێکشکاند، کە چواردەوری گـرتبـوون، لە بارەگای سەرەکییان لەنێو ئەشکەوتی ئاغادا - کە بەسەر گوندی خۆراندا دەڕوانێت - پاشەکشێیان کرد.

لەلایەکی دیکەوە «سـالّح بەگی خـۆشناو» لەگـەڵ دەستـەیەک لە شۆڕشگێڕانی بەرگریکار لە قـەڵادا - کە دەکـەوێتـە ناوەڕاستـی گـوندی خـۆران - بە شـێـوەیەکی سـەرسـوڕهێنەر دوای شـەڕێکی قـارەمـانانەی بێ وێنە ڕزگـــاریان بوو. بەم جـــۆرە ڕێگا لەبەردەم لەشکری لایەنگرانی ئینگلیز کرایەوە و چوونە نێو گوندی خۆران و سـەرتاپای گـوندەکـەیان سـووتاند، دوای ئەوەی کـە دەستـیـان بەسـەر هەمـوو بەروبوومـە کـشتـوکـاڵی و کەلوپەلەکاندا گرت، وەک دەستکەوتی جەنگی، لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردن و گواستیانەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتبوون.

بەم جۆرە دانیشـتوانی خۆران دەربەدەر و ئاوارە بوون، لە ترسی ڕاوەدوونانیـان لەلایەن ناحـەزانیـانـەوە لێـرە و لەوێ لە ناوچە لاچەپ و دوورە دەستـەکان خۆیان حەشار دەدا. سـالّح بەگ ناچار بوو لەگـەڵ دەسـتـــەیەک لە شۆڕشگێڕان پەنا بۆ ناوچەی بیتوێن ببات، بە دەربەدەری لەوێ لە گوندی «گرد گۆران» چوار ساڵان لەلای براکەی کە نـاوی - سـەلیم بەگ - بـوو مـایەوە، دواتر گـەڕایەوە گوندە وێرانکراوەکەی، دوای ئەوەی کە لێبووردنی لەلایەن میرییەوە بۆ دەرچوو.

شایانی گوتنە دوای ئەوەی «کاپتن های» هەولێر بەجێ دەهێـڵـێت و بۆ وڵاتـەکـەی دەگـەڕێتـەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: (برادەری زۆرم لە کـوردسـتـــان پەیدا کـردن و دوژمنی کـەمـیشم نەبوون، لەنێـویشـیاندا تەنیا «سـالّح بەگی خۆشناو» کە هەرگیزاوهەرگیز ناتوانم لێی ببوورم، لەوانەیە هۆیەکـەشی بۆ ئەوە بگەڕێتـەوە کـە بەڕاسـتـی هەڵیخەڵەتاندم)(١٥).

دوای ئەوەی گـوندی خـۆران بەهۆی خـەڵکەکـەیەوە ئاوەدان کـرایەوە و سـەرلەنوێ ژیانی بۆ گـەڕایەوە، لەگەڵ ڕەزەترێ و باخچە سەوزەکـانی سەر گرد و لووتکەکـانی خەندە کەوتەوە سەر لێوانیـان، لاوک بێژی میللی مەزن «کـاوێس ئاغـا» سـەردانی گـوندی خـۆرانی کـردووە و لەلایەن دانیـشـتـوانەکـەیەوە بە گـەرمی و خۆشـیـیـەکی زۆرەوە پێشوازیی لێ کراوە و چەند شەوێک میوانێکی

خۆشـەویسـتـی دیوەخـانی سـالّح بەگ بووە و بە لاوکـە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکان کەشێکی پڕ لە خۆشی و شادی سازکـردووە و داوای لە سالّح بەگ کـردووە ڕێگەی بدات لاوکێکی پێدا هەڵ بڵێت کە گوزارشت لەوان ڕۆژانی پڕ سـەروەری بکـات، بەڵام سـالّح بـەگ ئەم داوایەی ڕەت کردووەتەوە، سەرەڕای ئەمەش کاوێس ئاغـای لاوک بێژ لە لاوکی «گـەنج خـەلیل ئاغـا»دا یادی سـالّح بـەگ دەکاتەوە و ئاماژە بە خەنجەرەکەی دەکات وەک هێمایەکی ڕەسـەن بۆ دلێری و جوامێـریی پیـاوی کـورد، لە لاوکی ناوبراودا دەڵێت: (خەنجەرەکی(١٦) سالّح بەگی لەبەر پشتێ ڕاکـەم، نەکو بلێـن سـوارەکی کـوردە چەندی بێ کاروبارە).

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەم بەسەرهاتە کە چەندان جار لە داپیـرەم - کـە بە پلکە مـانێ ناسـرا بوو، تەمـەنی لە سـەرووی سـەد سـاڵـیـیـەوە بوو، لە کـۆتـایی هەشـتـاکـانی سـەدەی ڕابوردوو کـۆچی دوایی کـرد - بیـسـتـووە، بۆ خوێنەری ئازیز بگێڕمـەوە، کـە بە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکـەوە پەیوەسـتـە. داپیـرەم دەیگوت: (لە بەرەبەیانی ڕۆژێکدا لەگـەڵ کـاروانێکدا لەتـەک یەکـێک لە خـزمـەکـانم - کـە لەنێو کاروانەکەدا بوو - لە گوندی خۆرانەوە بەرەو هەولێر




**نەخشەی لیوای هەولێر، تێیدا شوێنی گوندی «خۆران»یش دیاری کراوە.**

به مەبەستی کڕینی چەند پێداویستییەکی سەرەکی و دەستکەوتنی هەندێک زانیاری دەربارەی ئینگلیزەکان لەنێو شار بەڕێ کەوتین، لەکاتی گەیشتنمان بۆ نێو شاری هەولێر، یەکسەر من و گوێدرێژە بەستەزمانەکەمیان دەستبەسەر کرد، باوەڕم وابوو سیخوڕێک لەنێو کاروانەکەدا ئەمەی کردبێت، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، دەستبەسەریان کردم، ئەم هەواڵە بە خێرایی لەسەرتاسەری شاردا بڵاوبووەوە و بوو بە مایەی گاڵتەجاڕی و بێزاریی دەربڕین بەڕووی کاربەدەستانی ئینگلیز، ئەوسا کە هەواڵەکە بە خانەوادەی مەلافەندی دەگات، بەهۆی ئەوانەوە یەکسەر بڕیاری ئازاد کردنم بۆ دەردەچێت. بۆزانیاریش دایکم خزمی دایکی مەلافەندی بوو، کە هەردووکیان سەر بەیەک خانەوادەی ئایینی بوون لە گوندی «زیارەتی خۆشناوان»، ئینجا لەکاتی گەڕانەوەم بەرەو گوندی خۆران سەردانی خانەوادەی «مەلافەندی»م کرد، لە قەسری باداوە، بۆ دەربڕینی سوپاس و پێزانین و شانازی نواندنم بۆ ئەو خانەوادە ڕێزدارە).

*** سەرچاوەکان:**

(١) توێژینەوەیەکی مەیدانییە، لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو، کاتێ کە لە گوندەکەم - خۆران - مامۆستای قوتابخانە بووم، چاوم بە ژمارەیەک لە شۆڕشگێڕان کەوت، وەک: مام سوار قادر*، سمایل مەلاکە** و هی دیکەش... کە زانیاریی بایەخداریان دەربارەی ئەو ڕاپەڕینە و ڕابەرەکەی - ساڵح بەگی خۆشناو - هەبوو. سەرەڕای ئەو زانیارییانەش، (زانیاریی زێدەتری پەیوەست بەو بابەتەم لە سەرچاوە ئاماژە پێ دراوەکان وەرگرتووە).

(٢) خۆران، گوندێکی گەورەیە، دانیشتوانەکەی لە هۆزی خۆشناون، دەکەوێتە بناری چیای سەفین، نزیکەی (٤٠) کم بەلای ڕۆژهەڵاتی هەولێرەوە دوورە، کاتی خۆی تا سەرژمێریی ساڵی (١٩٤٧) سەر بە قەزای کۆیسنجەق بوو، پاشان بە قەزای شەقڵاوەوە لکێنرا، لە کۆندا خوێندنگەیەکی*** ئایینی گەورەی هەبووە کە «خاتوو خانزاد»ی میری میرنشینی سۆران دروستی کردبوو، تا بیستەکانی سەدەی ڕابوردووش وانەی تێدا وتراوەتەوە. ساڵی (١٩٥٣) قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندەکەدا کراوەتەوە.

(٣) (ڕاستییەکەی دەشتی هەولێرە نەک دزەییاتی - وەرگێڕ)

(٤) (بەرزی چیای سەفین نزیکەی (٤٩٠٠) پێیە. بڕوانە: ماڵپەری Irakipedia- وەرگێڕ)

(٥) (ئەم سەردانەی کاپتن های لە ڕۆژانی (دوو) و (سێی) حوزەیران بووە، لە چواری حوزەیرانی ١٩١٩ ز گوندی خۆرانی جێهێشتووە، کاپتن های گەواهی دەدات کە خۆران لە سایەی ساڵح بەگەوە گوندێکی ئاوەدان و گەشاوەیە. شایانی باسە سەردانی دووەمی کاپتن های بۆ گوندی خۆران لە ٢١، یان ١٩١٩/٩/٢٢دا بووە، کە شەوێک لە خۆران ماوەتەوە. جێی ئاماژەیە یەکەم چاوپێکەوتنی کاپتن های بە ساڵح بەگی خۆشناو لە ڕێکەوتی ١٩١٩/١/٢٥ لە گوندی قەڵاسنج بووە.

بڕوانە: دەبلیو. ئار. هەی، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٤٧، ١٧٥، ١٨٢. - وەرگێڕ).

(٦) (ساڵح بەگ کوڕی ئەحمەد بەگە، کە دەگەڕێنەوە سەر بەرەی میر یووسف، کە ئەویش کوڕی ئەمبێزخانە، ئەحمەد بەگ لە گوندی خۆران دانیشتووە، لە کۆیە بەشێوەیەکی نادیار کوژراوە. ساڵح بەگ یەکێک بووە لە هاوکارانی شێخ مەحموودی حەفید. ساڵح بەگ سێ کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی: حەمەد بەگ (مەمۆئاغا)، ئەحمەد بەگ و کەریم بەگ. ساڵح بەگ لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە کەرکوکەوە بەرەو هەولێر، لە پردێ کۆچی دوایی دەکات.

بڕوانە: کەمال خورشید میران، خۆشناو و خۆشناوەتی، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٥، ل٥٣، ٥٥، ٥٧، ٥٨.

هەروەها: سدیق ساڵح، ئەلبومی شێخ مەحموودی حەفید، ب١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٤٥. - وەرگێڕ).

(٧) قادر بەگ: مەبەست لە میرانی قادر بەگی شەقڵاوەیە، کە کوڕی میرانی مستەفا بەگی کوڕی میرانی حەمەد بەگی کوڕی عوسمان بەگە، ساڵی ١٨٦٥ لە دایک بووە، ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، کراوە بە حاکمی شەقڵاوە و بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆشناوەتی پێ سپێرراوە، لەو کاتەی کە لەگەڵ (ئەحمەد عوسمان)ی موتەسەڕیفی هەولێر نێوانیان تێک دەچێت، قادر بەگ بڕیار دەدات، دەست بەسەر هەولێردا بگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوای یارمەتی لە ساڵح بەگی خۆشناو و کەسانی دیکە دەکات... لە پێنجی ئەیلوولی ١٩٢٠، هەموو ئامادەکارییەک تەواو دەکرێت... لە سێزدەی ئەیلوولدا، بەهۆی "مەلا فەندی"یەوە کێشەکە چارەسەر دەکرێت. میران قادر بەگ، ساڵی ١٩٣٨ لە نەخۆشخانەی مووسڵ کۆچی دوایی کردووە، چوار کوڕی هەبووە، بەناوەکانی: عوسمان بەگ، سدیق بەگ، عومەر بەگ و کەمال بەگ.

کەمال خورشید میران، هەمان سەرچاوە، ل٦٢، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٨.

تێبینی: لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ساڵی کۆچ کردنی میرانی قادر بەگ بە ١٩٣٩ لە قەڵەم دراوە. بڕوانە: نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی (١٩١٨ - ١٩٢٦)دا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٢٠. - وەرگێڕ).

(٨) دبليو. آر. هی، سنتان فی کردستان (١٩١٨ - ١٩٢٠)، ت: فؤاد جميل، الجزء الأول، دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣، ص ٣١٦، ٣١٧.

(٩) نفس المصدر، ص ١٨٨.

(١٠) (دوو لقەکەی دی "میر ئاودەلی" و "میر مەحمەلی"ن - وەرگێڕ).

(١١) د. كمال مظهر أحمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة (الحوادث)، بغداد، ١٩٧٨، ص ١٣٢.

(١٢) نفس المصدر، ص ١٢٥.

(١٣) (لەم بارەیەوە کەمال خورشید میران دەڵێت: شەوێکیان بە سەرکردایەتی قادر بەگی کوڕی حەمید بەگ - کە خاڵۆزا و لایەنگری ساڵح بەگ بوو - چەند کەسێکی وەک ئەحمەد باڵەک و مستەفا خێل هێرشیان کردە سەر سەربازەکانی ئینگلیز، لە دەربەندی گۆمەسپان وایان لێ کردن تا هەولێر ڕابکەن. بڕوانە: کەمال خورشید میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦. - وەرگێڕ).

(١٤) (ئەکرەم بەگ: برازای ساڵح بەگی خۆشناو بووە. هەمان سەرچاوە، ل٥٦. - وەرگێڕ).

(١٥)دبليو. آر. هي، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ١٧٤.

(١٦) ( - محەمەد عارف جزیری - ش، لە لاوکی چیایێ کوردستانێدا دەڵێت: خەنجەری ساڵح بەگینە. بڕوانە: ساڵح غەفوور مەلازادە، کوڕێ لەسەردەمی میر محەمەد پاشادا، گۆڤاری K21، خولی دووەم، جووت ژمارە، بەرگی دووەم ١٤- ٢، ٢٠١٢/٢/١٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ل٥٩٩. - وەرگێڕ).

* (مام سوار: ناوی تەواوی - مام سوار حاجی قادر ڕەسوول - ە، ساڵی ١٩٨٨ لەسەرووی تەمەنی سەد ساڵییەوە کۆچی دوایی کردووە. - وەرگێڕ).

** (سمایل مەلاکە: ناوی تەواوی - ئیسماعیل ئەحمەد سلێمان-ـە، کە بە حاجی سمایلی مەلاکەی فەقێ سلێمان ناسراوە. لە ١٩٩٠/١/٢٧ لە تەمەنی سەد ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد، لە هەولێر بە خاک سپێرراوە. - وەرگێڕ).

*** (بەپێی دەستخەتەکانی بەغدا، مەدرەسەی خۆران لە ساڵی (١٢٦١)ی کۆچی بەرانبەر بە (١٨٤٥)ی زایینی بوونی هەبووە. بڕوانە: هێمن عومەر خۆشناو، شەقڵاوە و خۆشناو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ب١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢٢. - وەرگێڕ).

*** سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:**

**- مجلة (گولان العربي)، العدد ٤٥، ٢٩ شباط ٢٠٠٠، ص ٣٤- ٣٦.**

**سەرنج:**

ئەم بابەتە مێژووییە بێجگە لە ناوونیشانەکەی هیچ پێوەندییەکی بە (شۆڕشی بیستی نیشتمانی ڕزگاریخواز)یەوە نییە، کورد زۆر پێش (شۆڕشی بیست) شۆڕش و ڕاپەڕینی لە دژی ئینگلیز بەرپا کردووە. هەر لە پەراوێزی وتارەکەش نووسراوە (ساڵح بەگ یەکێک بووە لە هاوکارانی شێخ مەحموودی حەفید)، هەروەها ڕاپەڕین و لە دژ وەستانەوەی ئینگلیزیش لە ساڵی ١٩١٩ بووە، بۆ خۆشی نووسیوبەتی (سەردانی دووەمی کاپتن های بۆ گوندی خۆران لە ٢١، یان ١٩١٩/٩/٢٢دا بووە، کە شەوێک لە خۆران ماوەتەوە)، هەروەها دەڵێ: (یەکەم چاوپێکەوتنی کاپتن های بە ساڵح بەگی خۆشناو لە ڕێکەوتی ١٩١٩/١/٢٥ لە گوندی قەڵاسنج بووە)، هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودیش پێش ساڵی ١٩٢٠ بوونە، جگە لەوەی ئامانجی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود زۆر جیاواز بووە لە (شۆڕشی بیست)، بۆیە زیاتر ئەوە ڕێی تێدەچێ کە ڕاپەڕینەکەی ساڵح بەگ بۆ هاوکاری شێخ مەحموود بووبێ، نەک (شۆڕشی بیست) کە د. عەلی ئەلوەردی لە یەکێک لە کتێبەکانیدا هەر بە (شۆڕش)ی نازانێ.

**(سەرنووسەر)**